# ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر قەتەر؛ عەرەبستان چی سیناریۆیەکی لەبەرچاو گرتووە؟

دوای پچڕاندنی پەیوەندییەکانی چەند وڵاتێکی عەرەبی لەگەڵ قەتەر بە تۆمەتی ئەوەی پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکات و هەوڵیداوە سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکبدات، ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەم گرژیانە تا چەندێک پەرە دەستێنن؟

حەسەن رۆستەمی شارەزا لە کاروباری ناوچەکەدا چەند سیناریۆیەکی عەرەبستانی لەبارەی قەتەرەوە خستووەتەڕوو و ئاماژەی بەئەوە کردووە، کە وتەکانی ئەمیری قەتەر کە تێیدا عەرەبستانی بە پشتیوانی تیرۆریزم تۆمەتبار کردبوو، هەروەها وتەکانی لەبارەی بەرگری لە حەماس و بەرگری لوبنان و ئێران، گرژی نێوان قەتەر و وڵاتانی عەرەبی زیاتر کرد. هەڵبەتە لەو کاتەدا قەتەر رایگەیاند کە پێگەی هەواڵی ئەو وڵاتە هاک کراوە و ئەوانە وتەی ئەمیری وڵاتەکەیان نین، بەڵام ئەم پاساوە عەرەبستان و ئیماراتی رازی نەکرد و هێرشی توندی راگەیاندنیان دژی ئەو وڵاتە دەستپێکرد.

FOCUS

## • شەڕی ڕاگەیاندن دژی قەتەر

عەرەبستانی سعودیەو ئیماراتی عەرەبی سەرەتا سیناریۆی هێرشی ڕاگەیاندنیان بۆ سەر قەتەر گرتەبەر، بەڵام دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێک هیچ گۆڕانێکیان لە هەڵوێستی قەتەردا نەبینی، هەرچەندە لەو ماوەیەدا قەتەر هەوڵیدا بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا ئەوە ڕاگەیاندنەکانی سعودیە و ئیمارات بوون هێرشی توندیان کردە سەر قەتەر و لە بەرامبەریشدا ڕاگەیاندنەکانی قەتەر کەوتنە بەرگری.

## • پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان

دوای ئەوەی شەڕی ڕاگەیاندن هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە و هیچ گۆڕانێک لە هەڵوێستەکانی قەتەردا ڕوونەدا، ئەو وڵاتانە ناچار بوون هەنگاوێکی تر بنێن و فشاری زیاتر بخەنە سەر قەتەر و ناچاری بکەن لە هەڵوێستەکانی پاشگەز بێتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانیان لەگەڵ قەتەر پچڕاند و لە ڕاگەیەنراوێکدا سەرجەم سەفەرە ئاسمانییەکانیان بۆ قەتەر هەڵوەشاندەوە و سنورە زەمینییەکانیان لەگەڵ قەتەر داخست.

## • توندتر بوونی فشارە سیاسی و ئابورییەکان

ئەگەر ئەم هەنگاوەش بە ناوبژیوانی کوەیت چارەسەرێک بۆ ئەم ناکۆکیانە نەدۆزرێتەوە، هەروەها ئەگەر وڵاتە بەهێزەکان هەوڵ نەدەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک پێویستە چاوەڕوانی قەیرانێکی گەورەتر لەوە بین، کە هەیە، چونکە ئەو وڵاتانە ڕازی نابن بێ وەرگرتنی ئیمتیاز و ڕێگری لە بەرزەفڕییەکانی قەتەر لە ناوچەکەدا، لە وڵاتێکی بچووکی وەک قەتەر ببورن. ئەگەر لە ڕاگەیاندنی وڵاتانی دژی قەتەر بڕوانین ئەمە بە ڕوونی دیارە. ڕۆژنامەکانی سعودیە زانیاری مەترسیدارتر دەخەنەڕوو و باس لە کودەتایەکی نزیک لە قەتەر دەکەن و ڕاگەیاندنەکانی میسریش باس لە کۆبوونەوەیگرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە قەتەر بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێک لە قۆناغی گواستنەوەدا دەکەن، لەبەرئەوە پێدەچێت ئەو قەیرانە لە ئاستی خۆیدا بمێنێتەوە و قەتەر تەنیا دوو ڕێگەی لەبەردەمدایە یان ڕوو لە ئەمەریکا بکات یان توسیا بۆ ئەوەی ناوبژیوانی بکەن.

> بە سەرنجدانە بوونی بنکەی سەربازی ئەمەریکاییەکان لە قەتەر پێدەچێت دەستوەردانی سەربازی لەم وڵاتەدا دوور بێت، مەگەر ڕێککەوتنێکی لە پشت پەردەوە ئەنجام بدرێت و بە سەرنجدانە هەڵوێستی بەرپرسێکی پنتاگۆن، ئەمەریکا بە نیاز نییە هێزەکانی لە بنکە سەربازییەکی قەتەرەوە بۆ وڵاتێکی تر بگوازێتەوە

## • شکستی ڕێکارە دیپلۆماسییەکان و ئەگەری کردنە دەرەوەی قەتەر لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو

ژمارەیەک لە چاودێرە سیاسییەکان پێشبینی دەکەن، ئەگەر هەوڵە دیپلۆماسییەکانی وڵاتی سێیەم سەرکەوتوو نەبێت، هەنگاوی دواتری ئەو وڵاتانە دوای فشاری سیاسی و ئابوری، هەوڵدان دەبێت بۆ پەراوێز خستنی سیاسی قەتەرو کردنە دەرەوەی لە ئەندامێتی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، کە قەتەر یەکێک لە شەش ئەندامەکەی ئەو ئەنجومەنەیە و عەرەبستان و وڵاتە هاوپەیمانەکانی پێیانوایە بەو وتانە دەوحە ناکۆکی دەخاتە ناوچەکەوە و ئیت شوێنێک بۆ مانەوەی قەتەر لەو ئەنجومەنەدا نەماوە.

بەڵام ئەم قەیرانە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ناکۆکییەکانی ڕابردووی قەتەر لگەڵ عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی جیاوازە، چونکە ئەو ناکۆکیانە گەیشتوونە ئاستی پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان، کە لە ڕابردوودا بە هیچ شێوەیەک نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، بەڵام خاڵی

هاوبەشی ئەو ناکۆکیانە ئەوەیە کە کوەیت و عەمان بەشێوەیەکی ڕێژەیی بێلایەنی و ناوبژیوانیان لە هەردوو قەیرانەکەدا گرتووەتەبەر و بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ بارودۆخەکە بدۆزنەوە. ئەو دوو وڵاتە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ قەتەرو وڵاتانی تری عەرەبی هەیە و هەوڵدەدەن لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا میانەڕەوی هەڵبژێرن و لە قەیرانی پێشووشدا باڵیۆزەکانی خۆیان لە قەتەر بانگهێشت نەکردووەتەوە و لە قۆناغی ئێستاشدا لە هەوڵی پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان لەگەڵ دەوحەدا نین و هەوڵدەدەن ڕێگە لە تەشەنەسەندی قەیرانەکە بگرن و لە ڕێگەی سیاسییەوە کۆتایی بە قەیرانەکە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بێنن.

هەڵبەتە عەرەبستانی سعودیە هەوڵدەدات ئەو ڕۆڵە زیاتر بدات بە کوەیت نەک عومان، چونکە عەرەبستان لە سیاسەتەکانی عومان ناڕازییە، چونکە بەردەوام هەوڵیداوە سیاسەتێکی سەربەخۆ بەرامبەر ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بگرێتەبەر، بە تایبەتی ڕۆڵی ئەو وڵاتە لە گفتوگۆکاندا لە بارەی بەرنامە ناوەکییەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران.

## • خواستی سعودیە و هاوپەیمانەکانی لە قەتەر

ئەو وڵاتانە خوازیاری گۆڕانی سیاسەتە ناوچەییەکانی قەتەر لەوانە پشتیوانی لە ئیخوان موسلمین، بزوتنەوەی حەماس و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرانن. عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی لەو ئەندێشەیەدان فشاری زیاتر لەسەر قەتەر دروست بکەن بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسی و ئابورییەوە تەنگەتاوی بکەن، چونکە بە بڕوای ئەوان دەرکردنی قەتەر لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەو وڵاتە دروستبکات. پێدەچێت ئەگەر هەوڵەکانی کوەیت بە ئەنجامێک بگەن، ئەوا قەیرانەکە هاوشێوەی قەیرانەکانی پێشوو چارەسەر دەبێت و بە هەمان ئەو شێوەیەی وەزیری دەرەوەی قەتەر ڕایگەیاندووە وتاری ئەمیری قەتەر لەبارەی گۆڕانکارییەکانەوە دواخراوە بۆ ئەوەی بواری پێویست بۆ دیپلۆماسی و چارەسەری ئەم قەیرانە لە ڕێگەی گفتوگۆوە برەخسێت.

## • ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و گۆڕانی دەسەڵاتداری لە قەتەر

یەکێکی تر لەو سیناریۆیانەی کە چاودێرە سیاسییەکان ئاماژەیان پێداوە ئەگەری گۆڕان یان ڕوودانی کودەتای سەربازییە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات لە قەتەر.

بە سەرنجدانە بوونی بنکەی سەربازی ئەمەریکاییەکان لە قەتەر پێدەچێت دەستوەردانی سەربازی لەم وڵاتەدا دوور بێت، مەگەر ڕێککەوتنێکی لە پشت پەردەوە ئەنجام بدرێت و بە سەرنجدانە هەڵوێستی بەرپرسێکی پنتاگۆن، ئەمەریکا بە نیاز نییە هێزەکانی لە بنکە سەربازییەکی قەتەرەوە بۆ وڵاتێکی تر بگوازێتەوە، هەروەها هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە داوای کردبوو هەردوولا ئارام بن و دوور بکەونەوە لە کاری دوژمنکارانە و پەنا بۆ گفتوگۆ ببەن، ئەو هەڵوێستەی پێشوو پشتڕاست دەکەنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دۆخەکە دەریدەخات کە عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی ئەمجارە خۆیان توند کردووە بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەرزە فڕییەکانی قەتەر لە ناوچەکەدا بگرن، چونکە ئەو وڵاتانە پێیانوایە، کە ئەو وڵاتە بچووکەی کەنداوی فارس زیاتر لە قەبارەی خۆی هەنگاوی ناوە و پێویستە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێگە لەوە بگیرێت دەوحە بتوانێت پرۆژە ناوچەییەکانی خۆی پیادە بکات و لەمپەرێک بێت لە بەرامبەر سیاسەتەکانی عەرەبستان لە ناوچەکەدا، کە بانگەشەی ڕابەرایەتی وڵاتانی ناوچەکەی لە ئەستۆیە.

## • بێ متمانەیی مەزهەبی و پاوانخوازی لە ناوچەکەدا

لای خۆیەوە عەبدولباری عەتوان سەرنوسەری ڕۆژنامەی (الرأی الیوم) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی یۆرۆنیوز ڕایگەیاندووە، کە ئەو قەیرانەی دروستبووە دەرەنجامی پتەو بوونی پەیوەندییەکانی نێوان قەتەر و ئێرانە. هەروەها قەتەر درێژە بە پشتیوانی لە ئیخوان موسلمین دەکات و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ حەماس هەیە. چەند ڕێککەوتنێک ساڵی 2014 ئەنجامدراون، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنانە دەبوو قەتەر پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێران و ئیخوان موسلمین بپچڕێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا قەتەر ئەو بەڵێنانەی خۆی نەبردە سەر. لە ئێستادا یەکێتی عەرەبی - ئیسلامی بە واتایەکی تر ناتۆی عەرەبی

دژی ئێران بوونی هەیە و لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە پشتیوانی دەکرێت، پێدەچێت قەتەر بیەوێت خۆی لەو یەکێتییە بەدوور بگرێت.

ناوبراو لەبارەی کاردانەوەی تورکیا و روسیا و ئێران وتویەتی، «باوەڕ ناکەم تورکیا هیچ سەرکێشییەک بە هۆی ناکۆکییەکانی عەرەبستان، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، میسر و ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ قەتەر بکات. وەک دەزانن ئێران راستەوخۆ نەچووە شەڕی سوریاوە، سوریاش هاوپەیمانی بوو، ئایا پێتان وایە ئێران بە هۆی قەتەرەوە دەچێتە شەڕەوە؟ ئەو وڵاتانە راستەوخۆ بە قەتەر دەڵێن ئەگەر ئاشتی دەوێت رێکبکەوێت و مەرجەکانی عەرەبستانی سعودی و ئیمارات پەسەند بکات».

لە بارەی پێشهاتەکانی رۆژانی داهاتووەوە عەتوان بۆ هەمان سەرچاوە ئاماژەی بە ئەوە داوە، کە لە داهاتوودا فشارەکان لەسەر قەتەر زیاتر دەبن، ئیتر هیچ متمانەیەک لە نێوان قەتەر و نەیارەکانیدا بوونی نییە. ئامانج لە دوا بڕیار توندکردنی فشارەکانە لەسەر قەتەر بۆ ئەوەی مەرجەکانی وڵاتانی تری کەنداوی فارس جێبەجێ بکات.

عەتوان پێیوایە «ئەگەر دەوحە بە گوێی ئەو وڵاتانە نەکات، ئەوا وڵاتانی کەنداوی فارس بەرنامەی دووەمی خۆیان پیادە دەکەن و پێشبینی دەکەم ئەو بەرنامەیە سەربازی بێت.»

هەروەها ماڵپەڕی (دبکا)ی نزیک لە دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل نوسیویەتی «سەرچاوەکانی زانیاری ئێمە ئاماژەیان بە ئەوە کردووە، کە هێشتا ئەگەری کردەی سەربازی بچووک لەلایەن عەرەبستان و هاوپەیمانەکانییەوە دژی قەتەر بوونی هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە کە دەزگا نهێنییەکانی عەرەبستان و میسر و ئیمارات هەوڵی کودەتا بۆ لابردنی ئال سانی لە دەسەڵات بدەن.

## • کاردانەوەکان بەرامبەر قەیرانی قەتەر

رۆژنامەی هاارتسی ئیسرائیلی بڵاویکردووەتەوە، کە قەتەر رایدەگەیەنێت شەپۆلێک هەڵمەتی درۆینە دژی دەستپێکردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبی قەتەر بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. وەزارەتی دەرەوەی قەتەر ئاماژەی بە ئەوە کردووە، کە قەتەر وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو رێز لە سەربەخۆیی وڵاتانی

**هەڵبەتە عەرەبستانی سعودیە هەوڵدەدات ئەو رۆڵە زیاتر بدات بە کوەیت نەک عومان، چونکە عەرەبستان لە سیاسەتەکانی عومان نارازییە، چونکە بەردەوام هەوڵیداوە سیاسەتێکی سەربەخۆ بەرامبەر ئەندامانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو بگرێتەبەر، بە تایبەتی رۆڵی ئەو وڵاتە لە گفتوگۆکاندا لە بارەی بەرنامە ناوەکییەکانی رۆژئاوا لەگەڵ ئێران**

تر دەگرێت و دەست لە پەیوەندییەکانی ئەوان وەرنادات.

ئەم وتانەی قەتەر لە کاتێکدان کە ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی بە هۆی پەیوەندییەکانی قەتەرەوە بە ئیخوان موسلمین و ئێرانو گروپە توندڕەوەکانەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە پچڕاندووە. سەرجەمی ئەو ئاڵۆزیانەش دوای ئەوە دەستیانپێکرد کە ژمارەیەک ئیمەیڵی ئاڵوگۆڕ کراو لە نێوان باڵیۆزی ئیمارات لە واشنتۆن و بونیادی موحافیزکاری نوێی بەرگری لە دیموکراسی بڵاوکرانەوە و لەو ئیمەیڵانەدا ئاماژە بە روبەڕوبوونەوەی قەتەر کراوە بە هۆی پشتیوانی کردنی لە حەماسی فەلەستینی و ئێران.

## • کاردانەوە جیهانی و ناوچەییەکان

هاوکات لەگەڵ پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی لەگەڵ قەتەر کاردانەوەی جیهانی و ناوچەیی لێکەوتووەتەوە و لەو نێوانەشدا ئاماژە بە کاریگەری ئەو دۆخە لەسەر ئابوری دەکرێت.

## ترەمپ: رابەرانی ناوچەکە پەنجەیان بۆ قەتەر راکێشا

دۆنالد ترەمپ دوای ئەو رووداوانــە لە لاپــەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ئاماژەی بە ئەوە کردووە، کە لە سەفەریدا بۆ عەرەبستان باسی لە ئایدۆلۆژیای توندڕەوی کردووە و نوسیویەتی «رابەرانی ناوچەکە قەتەریان نیشاندا! ببینن!» هەروەها ترەمپ قەتەری بە دابینکەری دارایی و پشتیوانی دێرینی توندڕەوی ناوبردووە و وتویەتی «بەداخەوە چەندین ساڵە قەتەر دابینکەری داراییە بۆ تیرۆریستان. لای خۆیەوە عەرەبستانی سعودی پشتیوانی بۆ وتەکانی سەرۆکی ئەمەریکا دەربڕیوە.

## - پێشنیاری روسیا بۆ ناوبژیوانی

سێرگی لاوڕۆف وەزیـری دەرەوەی روسیا لە مۆسکۆ لەگەڵ هاوتا قەتەرییەکی یەکتریان بینیوە و پێشنیاری کردووە کە ناوبژیوانی نێوان قەتەر و سعودیە بکات. وەزیری دەرەوەی روسیا بە (شێخ محەمەد بن عەبدولڕەحمان آل ثانی) وەزیری دەرەوەی قەتەری راگەیاندووە، کە روسیا نیگەرانە لەو بارۆدۆخە و روسیا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قەتەر پچڕاندووە لە گفتوگۆدایە و خوازیارە ناکۆکییەکان برەوێنەوە.

روسیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبستان و قەتەر پەیوەندی باشی هەیە و بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان پێشنیاری کردووە ناوبژیوانی بکات.

بەریتانیا داوا لە وڵاتانی کەنداو دەکات گەمارۆکانیان بۆ سەر قەتەر کەم بکەنەوە

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆریس جۆنسن داوای لە وڵاتانی کەنداو کردووە گەمارۆکانیان لەسەر قەتەر کەم بکەنەوە و چارەسەرێکی خێرا بۆ ناکۆکییەکان بدۆزنەوە. جۆنسن لە میانەی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی قەتەر شێخ محەمەد بن عەبدولڕەحمانی دووەم وتویەتی: «منیش نیگەرانم سەبارەت بە هەندێک لەو هەنگاوە بەهێزانەی سعودیە و ئیمارات و میسر و بەحرەین داویانە دژی هاوەڵێکی خۆیان.» وەزیری دەرەوەی بەریتانیا وتویەتی داوا لەو وڵاتانە دەکات گەمارۆکانیان بۆ سەر قەتەر کەم بکەنەوە.

هەروەها لە وڵاتانی تر کردووی، کەر هەنگاوی خێرا بنێن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە.

## رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی رێکارەکانی عەرەبستانی مەحکوم کردووە

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی دەرەنجامە نەرێنییەکانی گەمارۆی ئاسمانی و دەریایی قەتەر لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە هۆشداری داوە و ئەمکارەی بە بێبەزەییانە لەقەڵەمداوە.

## تورکیا: چارەسەری کێشەکە بە گفتوگۆ دەبێت

لای خۆیەوە تورکیا لەبارەی قەیرانەکەوە لەگەڵ هەریەکە لە رابەرانی قەتەر و روسیا و کوەیت و سعودیە لەبارەی کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان دەوحە و وڵاتانی تری عەرەبی گفتوگۆی کردووە و جەختی لەسەر چارەرسی کێشەکە بە گفتوگۆ کردووەتەوە. رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا رەخنەی لە گەمارۆکانی سەر قەتەر گرت و رایگەیاندووە، کە تورکیا هەموو توانای خۆی بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە بەکاردێنێت. ئەردۆگان لە دیداریدا لەگەڵ (خالد بن ئەحمەد آل خەلیفە) وەزیری دەرەوەی بەحرەین لە ئەستەنبول رایگەیاندووە، پێویستە قەیرانی قەتەر بەر لە کۆتایی هاتنی مانگی رەمەزان کۆتایی بێت.

## رۆڵی ئێران

کۆماری ئیسلامی ئێران خوازیاری هاوکاری نێوان تورکیا و ئێرانی کردووە لەو بوارەدا و (محەمەد جەواد زەریف) رایگەیاندووە گفتوگۆ لەبارەی قەیرانی دیپلۆماتی نێوان قەتەر و وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس پێویستە.

هەروەها جێگری سیاسی حەسەن روحانی سەرۆک کۆماری ئێران لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نوسیویەتی «کاتی گەمارۆ کۆتایی هاتووە و پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان، داخستنی سنورەکان، گەمارۆی وڵاتان، دەرکردن لە هاوپەیمانێتی و .... رێگەی دەرچوون لە قەیران نین.»

## پاکستان

نەفیس زەکەریا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی پاکستان رایگەیاندووە، کە پاکستان لە بەرنامەیدا نییە پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەتەر بپچڕێنێت و «لە ئێستادا هیچ شتێک لەبارەی قەتەرەوە لەگەڵ ئێمە بوونی نییە و ئەگەر گۆڕانکارییەکیش رووبدات هەڵوێستمان دەبێت.»

## جەزائیر: گفتوگۆ تاکە چارەسەرە

جەزائیر لەوبارەیەوە رایگەیاندووە، کە گرنگە بە گفتوگۆ گرفتەکان چارەسەر بکرێن و وەزارەتـی دەرەوەی جەزائیر لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، کە لایەنەکان گفتوگۆ وەک تاکە رێگەی چارەسەر لەبەرچاو بگرن و رێز لە سەروەری وڵاتان بگیرێت.

## سۆدان: ئامادەی ناوبژیوانیم

لای خۆیەوە وەزارەتـی دەرەوەی سۆدان نیگەرانی خیی بەرامبەر پچڕاندنی پەیوەندی ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی لەگەڵ قەتەر دەربڕیوە و ئامادەیی سۆدانی بۆ ناوبژیوانی بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارەی دیپلۆماتی دەربڕیوە.

## • لێکەوتەکانی قەیرانەکە

پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و قەتەر کاریگەری گەورەی ئابوری لەسەر دوحە دەبێت و هێڵی ئاسمانی و گواستنەوەی گازی سروشتی و بەڕێوەچوونی جامی جیهانی لەو بابەتانەن کە لە کورت ماوە و درێژماوەدا دەکەونە ژێر کاریگەری قەیرانەکەوە. وڵاتە عەرەبییەکان بێجگە لە پچڕاندنی پەیوەندییە دیپۆماتییەکان سنورە ئاوی و ئاسمانی و زەمینییەکانیان بە رووی ئەو وڵاتەدا داخستووە، کە ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر ئابوری قەتەر دەبێت. چونکە لە ئێستادا تاکە ئاسمان کە بە رووی فڕۆکەکانی قەتەردا کراوە بێت، ئاسمانی ئێرانە. لە بارەی هەناردە و فرۆشتنی گازی سروشتییەوە، کە قەتەر بە گەورەترین فرۆشیاری گازی سروشتی هەژمار دەکرێت بەردەوامە.

هەروەها لەبارەی بەڕێوەچوونی جامی جیهانی ساڵی 2022 کە بڕیار وایە لە قەتەر بەڕێوەبچێت، کاریگەری ئەم ئاڵۆزیانەی لەسەر دەبێت، کە تا ئێستا قەتەر بڕێکی زۆر بودجەی بۆ ئامادەکارییەکان خەرج کردووە.

## • ئەڵمانیا هۆشداری دەدات لە روودانی شەڕێکی نوێ لە کەنداوی فارس

وەزیـری دەرەوەی ئەڵمانیا هۆشداری داوە لـەوەی سیاسەتەکانی عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی بە ئاراستەی پەراوێزخستنی قەتەر دەتوانێت ببێتە هۆی شەڕێکی نوێ لە کەنداوی فارس. ئەو وەزیرە ئاماژەی بە مەترسییەکانی ئاڵۆزتر بوونی دۆخەکە کردووە و میگەرانی خۆی بەرامبەر دەربڕیوە و وتویەتی «ئەگەر ئەوە هەیە ئەو ئاڵۆزینە ببنە هۆی روودانی شەڕ.»

ناوبراو باسی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە کردووە و وتویەتی «دوای گفتوگۆکانم بۆم دەرکەوتووە بارودۆخەکە چەندێک جدییە.» بەڵام ناوبراو تیشکی جستووەتە سەرئەوەی کە بە گفوگۆ دەتوانرێت چارەسەر بۆ گرفتەکان بدۆزرێتەوە.

## • مەرجەکانی عەرەبستان بۆ کۆتایی هێنا بە گەمارۆکان

لای خۆیەوە عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانەکانی کۆمەڵێک مەرجیان دیاریکردووە بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانەکە، لەوانە پچڕاندنی پەیوەندی قەتەر بە ئێران و کۆتایی هێنان بە پشتیوانی ئیخوان موسلمین.

عادل جوبەیر هەر جۆرێک دەتسوەردانی لە کاروباری نێوان وڵاتانی کەنداوی رەتکردووەتەوە و رایگەیاندووە «ئێمە داوای ناوبژیوانیمان نەکردووە. ئێمە دڵنیاین ناکۆکییەکانی ناو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەتوانرێن چارەسەر بکرێن.»

لە وتەکانیدا جوبەیر داوای لە قەتەر کـردووە لەلایەکەوە دەست لە پشتیوانی بزوتنەوەی حەماسی فەلسەتینی و ئیخوان مسلمین هەڵگرێت و لەلایەکی تریشەوە کۆتایی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بهێنێت.

## سەرچاوەکان:

http://fa.euronews.com/201706/06//qatar-crisis-expert-view

http://tik.ir/fa/news/169089

https://ir.voanews.com/a/qatar-gcc-saudi-arabia-iran-cricis/3887330.html

http://fa.euronews.com/201706/06//qatar-diplomatic-tensions-economic-impact

http://www.dw.com/fa-ir

http://www.tabnak.ir/fa/news/702387